## قسەکانی بارزانی بۆ عەرەب زۆر جوان بوون.. بۆ کورد نا

فاضل قەرەداغی

دیمانەکەی بەرنامەی (من العراق)ی کەناڵی ئەلعەرببیە لەگەڵ سەرۆکی پارتی کە دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٤ پەخشکرا شتێکی زۆر باش بوو بۆ عەرەب چونکە ئێستا عەرەب کورد بە دوژمنی خۆی دەزانێتو قینی خۆی بۆ کورد هەڵدەگرێت تا لە دواڕۆژدا بیکاتە کردارو تۆڵە. لەبەر ئەوەشی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کورد خۆیان کردۆتە پاشکۆی ئەمەریکا زۆر ئاساییە ئەمەریکا کورد بەتەنیا بەجێبهێڵێت بێ ئەوەی لە هیچ شتێکی کورد بترسێت چونکە کورد خاوەنی شتێکی وا نییە ئەمەریکا حسابی بۆ بکات. لە سایەی ئەو دوو حزبەش کورد بۆ ئەمەریکا بۆتە مێوژی بێ پا. لەو دواڕۆژەشدا دەبێت کورد شەڕی مانو نەمان بکات. بۆیە لە ئێستاوە وا باشە کەشوهەوای خراپی پەیوەندیی کوردو عەرەب چاك بکرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە قسەکانی بارزانی زۆر باش بوون بەڵام ئایا بۆ کورد چی بوون؟

بارزانی لەبارەی عاجزیی کورد لە بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش وتی: سەرەتا پێمان ناخۆش بوو بەڵام کە دوایی دەستمان کەوتو باشتر خوێندمانەوە بینیمان شتی باشی تێدایە.

واتای ئەو قسەیە ئەوەیە دوو حزبی دەسەڵاتدار پرۆژەی بڕیارەکەیان نەبینیبوو ، واتە ئەمەریکا هیچ حسابێکی بۆ کوردی "هاوپەیمانی" خۆی نەکردووە تەنانەت بڕیارەکەی پیشان بدات چ جای پرس پێکردنی. ئەگەر کورد بەڕاستی هاوپەیمان بووایە دەبوانا پێشوەخت پرۆژەی بڕیارەکەی ببینیایە. هاوپەیمانی ڕاستەقینە وڵاتێکە وەك بەریتانیا کە ئەمەریکا بێ ئەو هەنگاوی لەوە بچووکتر نانێت. ئیتر ئەم هەرایە چییە دەکرێت گوایە کورد هاوپەیمانی کوردە؟

پاشان هەموومان بیستمان ئەمەریکا بە دوو حزبەکەی وتووە بڕیارەکە قبووڵ بکەن ئیتر چۆن بڕوا بکەین ئەو دوو حزبە شتی باشیان لەو بڕیارەدا بینی. ئەوەی بۆی دەچین ئەوەیە دوو حزبی دەسەڵاتدار ئەم قسانە بۆ داپۆشینی فەشەلی خۆیان دەکەن. بەڵام جیا لەم قسانە کامەیە ئەو شتە باشانەی لەو بڕیارەدا بۆ کورد هەن؟ جارێ ناوی کورد لە کوولەکەی تەڕیشدا نەهاتووە.. پاشان هیچ ئاماژەیەك نییە بۆنی کورد لێ بێت.. بڕگەکانی بڕیارەکە بە زۆری لەبارەی دوو شت بوون: لایەنی ئابووریو لایەنی ئەمنو ئاسایش. یەك شت، یەك ئاماژە نییە، تەنانەت ڕستەیەکیش نییە بتوانی بە زۆر وای لێبکەی نزیکی کورد بکەوێت. زیرەکترین مەلا لە چاك کردنی تەڵاقی سێ بە سێ بێنە، جادوگەرێكو حەوت فاڵچی بێنە، دەرهێنەری سینەمایی لە هۆڵیوود بێنە، کێ شك دەبەی توانایەکی ئەفسانەیی بێنە ناتوانێت ئەمەت بۆ بکات.

دووەم شتی دیمانەکە پرسیاری پێشکەشکار کە وتبووی: تۆ فێرت کردووین ڕاشکاوانە قسە بکەی ئینجا پرسیاری کرد لەبارەی نەبوونی ئاڵای عیراق لە پشتەوەی بارزانی (کە تەنها ئاڵای پارتی و کوردستان هەبووە)، وەڵامەکەش ئەوە بوو ئاڵاکە پاش کودەتای بەعسییەکان لە ١٩٦٣ دانراو هیچ تەعبیر لە عیراق ناکات.. منیش

دەڵێم: کورد دەزانێت کە ئاڵای عیراق نەك تەنها لەسەر پەرلەمانی کوردستان دانرابوو بەڵکو هەر ئەو ئاڵایە بوو لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بەسەر دەبابە عیراقییەکاندا بەرزکرابووەوە کاتێك سوپای عیراقی هاتە ناو هەولێر تا یەکێتیی لێ دەربکات‌و پارتی بچێتە جێگەی. پارتی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی بەعسدا زۆر پتەو بوو. مەبەست پەیوەندیی ڕەسمی‌و ئاشکرایە ئەگینا پەیوەندییەکانی تر (=فایلەکان)مەسەلەیەکن بۆ خۆیان.

پارتیش کاتێك ئێستا ئاڵای عیراق هەڵناکات تەنها موزایەدەیەکە لەسەر کوردایەتیی دەکات، دواتریش کە یەکێتی ئەو ئاڵایەی عیراقی هەڵکرد تەنها بۆ ئەوە بووە ئەو شتە بکات کە پارتی نەیکردبوو. ئەگەر یەکێتی دەستپێشخەریی بکردایەو ئاڵای عیراقی دابگرتایە پارتی ئەو ئاڵایەی تەعبیر لە هیچ شتێکی عیراق ناکات هەڵدەکردو باسی چاکەکانیشی دەکرد، بەڵام چی بڵێین پارتی لەم مەسەلەیەدا گۆڵی لە یەکێتی کرد.

ئەمە دوان لەو شتانەی دیمانەکە بیرم ماون، شتی تریش هەبوون بەڵام لەچاو ئەو دوو شتە زۆر بچووك دەبنەوە. جارێکی تریش دەڵێم دیمانەکە بۆ باش کردنی کەشوهەوای پەیوەندیی کوردو عەرەب زۆر باش بوو بۆ کورد ئەوە بوو کە خوێندمانەوە.